# وتوویژ لەگەڵ

# ڕێبین هەردی

**لەدرێژەی وتوویژ لەگەڵ نووسەران و ڕۆشنبیرانی کورد سەبارەت بەچەمك و مەفهولەی فیکری و فەلسەفیەکان، "تیشك" ئەم جارە لەگەڵ نووسەر و ڕۆشنبیری ناسراوی کورد کاك ڕێبین هەردی ئەندامی دەستەی نووسەرانی "گۆڤاری ڕەهەند" وتوویژی پێك هێناوە.**

تیشك: پێشەکی کاك ڕێبین سوپاس لەوەی کە مەجالی ئەو وتوویژەت بۆ ڕەخساندین، پێمان خۆش بوو سەرەتا لەسەر پێناسەی مۆدێرنیتەو مێژووی سەرهەڵدانی بۆمان بدوێی.

**وەڵام:** لە ڕاستیدا ئەو کاتەی دەمانەوێت قسە لە مۆدێرنە بکەین، خۆمان دەخەینە ناو پێچ و پەنایەکی زۆرەوە، چونکە پێناسەیەکی گشتگیر و نیوخۆییمان بۆ مۆدێرنە نیە. ڕەنگە بتوانین قسە لە هەندێك خەسڵەتی گشتی بکەین کە دەتوانین بەم هۆیەوە مۆدێرنە بناسینەوە، بەڵام کاری گرانتر قسە کردنە لە سەر مێژووی دەست پێکردنی مۆدێرنە. کە دێینە سەر ئەم خاڵە جیاوازیێکی زۆر لە نێوان بیریاران و فەیلەسوفاندا دەبینین. هێندێك مۆدێرنە دەیگەڕێننەوە بۆ سەرەتای دەستپێکردنی پرۆژەی ڕێنسانس، هەندێك دەیگەڕێننەوە بۆ سەدەکانی هەڤدە و هەژدە و پرۆژەی ڕۆشنگەری بە لوتکەی پێگەیشتنی دەزانن. هەندێکی دی قسە لە سەدەی نۆزدە و سەرەتاکانی سەدەی بیست دەکەن، هەندێك دەیبەستن بە سەرەتای ئەدەبیاتی تازە و سەرهەڵدانی ڕۆمانەوە ئیدی بەم شێوەیە مێژووی دەستپێکردنی مۆدێرنە بە پێی ڕوانگە جیاوەزەکان کورت یان درێژ دەبێتەوە و هەریەك قۆناغێك بە دەستپێکردنی مۆدێرنە لە قەڵەم دەدات.

بەڵام کام یەك لەم بۆچونانە قبووڵ بکەین یان نەکەین، ئەوا یەکشت بەنەگۆڕی دەمێنێتەوە کە هیچ بیریارێك نیە نکولی لێبکات: مۆدێرنە لەو سەرزەمینە دا سەری هەڵدا کە پێی دەڵێین، ڕۆژئاوا. کەوابوو مۆدێرنە کۆی ئەو گۆڕانکاریە سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتیانەیە کە لە قۆناغێکی دیاریکراوی مێژووی ڕۆژئاوا دا ڕوویدا و جیا لە هەر گۆڕانکاریەکی دیکەی ئەم دنیایە سنوورەکانی ڕۆژئاوای بەزاند و زۆربەی شوێنەکانی دنیای گرتەوە. ئەمڕۆکە شوێنێك نەماوە کەم تازۆر پڕیشکی مۆدێرنەی بەرنەکەوتبێ و بە شێوەیەك لە شێوەکان مۆدێرنە کاری تێنەکردبێ. بەڵام داخۆ بۆچی تەنیا ئەوە مۆدێرنەیە کە بە خێرایی سنووری جوگرافیەکان دەبەزێنێ و دروشم و مژدەکانی دەبن بە دروشم و مژدەی کۆی مرۆڤایەتی؟ یان بەدەربڕینێکی دی چ شتێك لە مۆدێرنەدا هەیە کە خەسڵەتی جیهانیبوون و بڵاوبوونەوەی پێدەبەخشێ و بەو شێوە سەرسوڕهێنەرە زۆربەی وڵاتەکانی دنیا دەگرێتەوە؟ پێموایە وەڵامی ئەم پرسیارە دەمانگەڕێنێتەوە سەر پێناسەکردن و دەستنیشانکردنی خەسڵەتەکانی مۆدێرنە خۆی. هەست ئەکەم ئەگەر بمانەوێت قسە لە پێناسەکردنی مۆدێرنە بکەین دەبێ لە سەرەتاوە ئەوەمان لاڕوون بێت کەلەسەر کۆمەڵێ دیاردە و گۆڕانکاری جۆراوجۆر قسە دەکەین. واتە مۆدێرنە کۆمەڵێەکی کلتوور، سیاسی، ئابوورییە کەئەستەمە لەیەکیان جیابکەینەوە. بەدەربڕینێکی تر مۆدێرنە یەك شت نیە، بەڵکو چەندان شتە لەیەك

کـــاتدا... یــەك گۆڕانكــاری نیــە، بــەڵكو چــەندان گۆڕانكــاری هاوكاتـــە، یـــەك دیـــارده نیـــە، بـــەڵكو چـــەندان دیاردەیـــە و دەركەوتەیـــە كـــە لـــە كۆمـــەڵێك بـــواری جیـــاواز و ناچونیـــەك بـــەڵام تـــا ڕادەیـــەك هاوكـــات دا، ڕوودەدات.

لـــە ئاســتی سیاســـیدا مۆدێرنـــە بریتییـــە لـــــە دروســـتبوونی دەوڵـــەتی نەتـــەوەیی و جیاكردنـــەوەی دیـــن لـــە دەوڵـــەت و دروســـتبوونی لەشـــكرێكی بـــیرۆكراتی كـــە كاروبـــاری دەوڵـــەت بـــەڕێوە دەبـــەن. لـــە ئاســـتی ئـــابووریدا بریتییـــە لـــە قۆنـــاغێكی تـــازەی بەرهەمـــهێنان و دروســـتبوون و باڵادەســـتی چینێكـــی تـــازە بـــە نـــاوی بۆرژوازیـــەوە و شـــكڵگرتنی ســـەرمایەداری، لـــە ئاســتی كۆمەڵایـــەتیدا بریتییـــە لەســـەر هـــەڵدان و لـــە دایكبوونـــی چـــەمكی تـــاكی ســـەربەخۆ و جیاكردنـــەوەی بـــواری تایبـــەتی لـــەبواری گشـــتی، لەئاســـتی كـــەلتوریدا بریتییـــە لـــە كـــۆی ئـــەو دەســـتكەوتە زانســـتی و فكریانـــەی كەلەســـەردەمی كۆپرنیكـــۆس و گـــالیلۆ و دیكارتـــەوە، وێنـــەی جیـــهانی مـــاددیو مەعنـــەویان گـــۆڕی و نەخشـــەیەكی تـــازەی مـــرۆڤ و دنیایـــان كێشـــا...نەخشـــەیەك كـــە چیـــدی بـــەڕێوەبردن و ڕێكخســـتن و تەفســـیركردنی جیـــهان بـــە موعجـــیزەی بونـــەوەرێكی بـــاڵا نازانـــێ كـــە تەنـــها ئـــەو كەســـانە دەتوانـــن ئـــەنجامی بـــدەن كـــە بانگەشـــەی ئـــەوە دەكـــەن كەنوێنـــەری ئـــەون لەســـەر زەوی، واتـــە: مرۆڤـــە دینیـــەكان، بـــەڵكو ئـــەم ئەركـــە دەخاتـــە ئەســـتۆی مـــرۆڤ و ئـــەو هـــێزە عەقڵانیـــەی خـــاوەنێتی و ڕەوانـــەی تاقیگـــا و بیركردنـــەوە و ئـــەو داهێنانـــەی دەكـــات كەمرۆڤـــەكان ئـــەنجامی دەدەن. مۆدێرنـــە بریتییـــە لەئاشـــنابوونی مـــروڤ بـــە جیـــهانێك كـــە چیـــدی بـــۆ بـــەڕێوەبردنو خوێندنـــەوە و تەفســـیركردنی پێویســـتی بەبونـــەوەرێكی باڵانیـــە. مۆدێرنـــە ئاشـنابوونە بـە جیـــهان لـــە غیـــابی خـــوادا. بەدەربڕینـــە ڕاچڵەكێنەرەكـــەی "نیچـــە" مۆدێرنـــە هـــاواری ئـــەو مرۆڤـــەی نـــاو جەنگەڵـــە كـــە دەڵـــێ خـــودا مـــرد، بـــەڵام نـــەك بەومانایـــەی چیـــدی بڕوابـــوون بـــە خـــودا نـــەماوە و بـــەدەربڕینی دینیـــەكان ســـەردەمی ئیلحـــاد دەســـتی پێكـــردووە، بـــەڵكو بـــەو مانایـــەی مـــرۆڤ تێدەگـــات لـــەم جیهانـــەدا كەســـێك نیـــە ڕزگـــاری بكـــات عـــەقڵ و تواناكـــان و داهێنانـــەكانی خـــۆی نـــەبێت، بـــەو مانایـــەی مـــرۆڤ بـــۆ یەكـــەمجار لـــەمێژووی بـــوون و تێپـــەڕیی و ڕاگوزەریـــی كـــۆی ئـــەو دەســـتكەوتە مـــادی و مەعنەویانـــە تێدەگـــات كەدروســـتكراوی خۆیـــەتین. بـــەدەربڕینی "زیگمـــون باومـــان" مۆدێرنـــە ئـــەو قۆناغەیـــە كـــە مـــرۆڤ تیـــایدا هوشـــیارە بـــە مێـــژووی بوونـــی ژیـــانی خـــۆی. بـــەڵام هوشـــیار بـــوون بـــە مێـــژووی بـــوون هاوكاتـــە لەگـــەڵ هاتنـــە ئـــارای چـــەمكێكدا كـــەدەتوانین بڵێـــین گرفـــت ئـــامیزترین چـــەمكی مۆدێرنەیـــە كـــە ئـــەویش چـــەمكی پێشـــكەوتنە. هیـــچ مێـــژووی بوونێـــك نیـــە بـــە شـــێوەیەك لـــە شـــێوەكان نەمانباتـــەوە ســـەرچەمكی پێشـــكەوتن. بەراســـتیش مۆدێرنـــە ئـــەو قۆناغـــە مێژوویەیـــە كـــە بەشـــێوەیەكی سەرســـوڕهێنەر خـــۆی بەپێشـــكەوتوو ناودێردەكـــات و كـــۆی ئـــەو كلتـــور و جوگرافیانـــەش كەلـــەدەرەوەی ژیـــانی ئـــەون بەدواكـــەوتوو لەقەڵـــەم دەدات.

هـــەر ئـــەو دابەشـــكردنە بەســـەر پێشـــكەتوو/ دواكـــەوتوودا ســـەرەتای پڕۆژەیمۆدێرنەیـــە لـــە ســـنووری ڕۆژئـــاواوە بـــۆ ســـنوورەكانی دەرەوەی خـــۆی. مۆدێرنـــە بـــە هـــۆی وتـــەزاری پێشـــكەوتنەوە فەزایـــەكی خولقـــاند كەبەویســـت یـــان نەویســـت كولونیـــالیكردنی بەرهەمـــهێنا.

پێموایـــە تـــا ئێســـتا هـــەندێك شـــتمان لـــە بـــارەی مۆدێرنـــەوە دركـــاندووە، ئەگـــەر ســـەرنج بـــدەن ئێمـــە لـــە بـــەردەم دیاردەیـــەكی فرەڕەنـــگ و هەمـــەجۆردایین كـــە ئەســـتەمە بـــۆ تـــەنیا خەســـڵەتو دیاردەیـــەك كـــورت بكرێتـــەوە. واتـــە وەك فەیلەســـوفێكی گـــەورە بـــە نـــاوی "میشـــل فۆكـــۆ" وە دەڵێـــت، ئێمـــە مۆدێرنـــەمان نیـــە، بـــەڵكو مۆدێرنـــەكانمان

هەیــە. کۆمــەڵێ بــوارو دیــاردەی جۆراوجۆرمــان هــەن کەئەگــەرچی هاوکــاتیش بــن، بـــەڵام چــیرۆك و حەکایـــەتی جیاوازیـان هەیــە.

**تیشك: بەلێکدانەوەی جەنابتان جیاوازی مۆدێرنیتە و پۆستمۆدێرنیتە چیە؟**

**وەڵام:** هەســت ئەکــەم وەڵامدانــەوەی ئــەم پرســیارە ســانا نـــەبێت و پێویســـتی بـــە کـــاتێکی زیـــاتر لـــەوەی چاوپێکــەوتنێك دەیرەخســێنێ، هــەبێت. بــەڵام دەتوانــین بــە گشــتی هــەندێك شــت بڵێــین. ســەرەتا پێــم وایــە لــە پێناســەکردنی پۆستمۆدێرنەشــدا هــەمان ئــەو کێشــەیەی پێناســی مۆدێرنـــەمان هەیــە. واتـــە پێنـــاس و بـــیرورای چونیــەکمان لەســەر پۆســتمۆدێرنە نیــە و هــەر بیریاریــەك و بــە جۆرێــك پێناســەی دەکــات. پێــم وایــە ســەرچاوەی ئــەم هــەموو جیاوازیــەش لــە بنــەڕەتدا دەگەڕێتــەوە بــۆ جیــاوازی لەدەســت نیشــانکردنی خەســڵەتە ســـەرەکیەکانی مۆدێرنــەدا. واتـــە بـــە پێـــی پێناســـی و دەستنیشـــانکردنی خەســـڵەتەکانی مۆدێرنـــە، پێناســـی پۆســـتمۆدێرنەش دەگۆڕێــت. ئەوانــەی پێیــان وایــە خەســڵەتی ســەرەکی مۆدێرنــە بریتییــە لـــە دەســـەڵاتی حەکایـــەتی گـــەورەکان، واتـــە ئـــەو حەکایەتانـــەی کـــە کـــۆی ژیـــانی مرۆڤایـــەتی لەیـــەك ڕەوتـــی چونیـــەکدا تەماشـــا دەکـــەن و پێشـــبینی چارەنووسیشـــی لـــە جیـــهان و فەزایـــەکی چونیـــەکدا وەك تیـــورە مێژوویـــەکانی هێگـــڵ ـ مـــارکس، ئـــەوان پێیانوایـــە پۆســـتمۆدێرنە بریتییـــە لـــە کـــەوتنی ئـــەو حەکایەتـــە گەورانـــە و ســـەرهەڵدانی حەکایـــەتی بچـــوك بچـــوك و جیـــاواز و لەیـــەك دابـــڕاو. ئەمـــەش خـــۆی بـــەر بڵاوتریـــن پێناســـی پۆســـتمۆدێرنەیە کـــە لـــە فەیلەســـوفی فەرەنســـی "فرانســـوا لیوتـــاردە" وە هـــاتووە، ئەوانـــەی خەســـڵەتی ســـەرەکی مۆدێرنـــە بەســـەنتەریزمی ڕۆژئـــاوایی‌و مەنـــەلۆگی ڕۆژئـــاوا دەزانـــن، جیـــهانی پۆســـتمۆدێرنە بەداکـــەوتنی ئـــەو مەنـــەلۆگ و ســـەنتەریزمە پێناســـە دەکـــەن‌و بـــە جیـــهانێکی دەزانـــن کـــەتیایدا زیـــاد لـــەناوەند و ســـەنتەرێك قســـەی تێـــدا دەکـــەن، ئەمـــەش تێگەیشـــتنی جیـــانی ڤاتیمۆیـــە کەلـــەوتارێکدا لـــەبارەی پۆســـتمۆدێرنەوە، درکاندویـــەتی، ئەوانـــەی خەســـڵەتی مۆدێرنـــە بەســـەرهەڵدانی کۆمـــەڵێ دەزگـــاو بـــواری دەســـەڵاتاوی دەزانـــن کـــەدەوریان هـــەبوو لـــە دیســـپلینکردن و چـــاوەدێرکردنی هـــەرچی زیـــاتری مرۆڤـدا، پۆستمۆدێرنە بـە جیـهانی بـــەرگری بچـوك بچـوك لەبــەردەم ئــەم دەزگادەســەڵاتاویانەدا دەزانـــن.

بــەڵام کــام یــەك لــەم پێناســانە قبــوڵ بکــەین یــان نەیکــەین یــەك شــت بــە نــەگۆڕی دەمێنێتــەوە کــە ئــەویش ئەوەیـــە پۆســـتمۆدێرنە پیاچونەوەیـــەکی ڕادیکاڵانەیـــە بـــە پـــڕۆژەی مۆدێرنـــەدا و ڕەخنـــە کردنـــی ئـــەو فـــەزا کۆمەڵایـەتی‌و سیاسی‌و کلتوریەیــە کــە مۆدێرنــەی بەرهــەم هێنــا.

**تیشك: کاك ڕێبینی هێژا چەند لە وەڵامی پرسیاری یەکەمتان دا شیکردنەوەیەکتان لەسەر بەشە جیاوازەکان لە ڕوانگەی مۆدێرنیتەوە کرد، دەکرێ ڕوانگەی مۆدێرنیتە بەگشتی بۆ ئەدەب باس کەن؟**

**وەڵام:** سەرەتا با لە گشتی‌ترین هەڵەوە دەست پێبکـەم کـە زۆر جـار لـە نووسـینی ئـەم نووسـەر یـان ئـەو نووسـەری کـورد دا دەیبینین کە ئەویش تێکـەڵ کردنـی مۆدێرنـە و مۆدێرنیزمـە. هـەندێك بـە شـێوەیەك ئـەم دوانـە تێکـەڵ دەکـەن وەك ئـەوەی هەریەك شت بن و هیـچ جیاوازیـەکیان نـەبێت. واتـە مارکسـیزم بـە تـەوژمێك دەزانـن کـە دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەو بزووتنەوانـەی مەرجـەعی تەفسیر کردنیـان مارکسـە، هـەرواش وادەزانـن مۆدێرنـیزم دەگەڕێتـەوە بـۆ مۆدێرنـە. بـەڵام ئەمـە هەڵەیـەکی مێژوویی و زانستی گەوریـە. پـەیوەندی مۆدێرنـیزم و مۆدێرنـە وەك پـەیوەندی مـارکس و مارکسـیزم نیـە. ئـەم دوو شـتە نـەك لـە یـەك جیاوازن، بـەڵکو بـە پێـی هـەندێك تەفسیر پێچەوانـە و دژ بەیـەکن. مۆدێرنـە قۆنـاغێکی کۆمەڵایـەتی ، سیاسـی، کلتـوری، ئابوورییـە.

بەڵام مۆدێرنیزم قوتابخانەیەکی ئەدەبی دیاریکراو کە لە ناوەڕاستەکانی سەدەی نۆزدەدا، سەری هەڵدا. ئەم قوتابخانەیە وەك کار دانەوەیەك لە بەردەم ریالیزم و کۆی ئەو چەمکە هونەریانەی ریالیزم بۆ هونەر و ئەدەب و ئەرکەکانی هێنابویە ئاراوە، دروستبوو. لە تەوژمەکانی ناتورالیزم و کوبیزم و ئەکسپرسیونیزم بگرە دادایزم و سوریالیزم بەشێکن لەو تەوژمە ئەدەبیانەی پێیان دەگوترێت مۆدێرنیزم. وەك دەبینین مۆدێرنیزم چەندان تەوژمی ئەدەبی جیاواز و ناچونیەك لەخۆ دەگرێ کە هەر یەکەیان پێناسی جیاوازی بۆ ئەدەب و هونەر و ئەرکەکانی هەیە.

ئەگەرچی دۆزینەوەی خەسڵەتی هاوبەشی ئەم تەوژمانە کارێکی ئەستەمە بەڵام دەتوانین بە شێوەیەکی گشتی بڵێین هەموویان ناکۆکن لە گەڵ چەمکی هونەر و ئەدەب وەك رەنگ دانەوە و ئەو رێسایانەدا کە قوتابخانەی ریالیزم بۆ ئەدەب و هونەری دانا بوو.

بە گشتی مۆدێرنیستەکان بە بەدبینیەوە دەیان ڕوانیە سەردەمی تازە و ئەو فەزا کۆمەڵایەتی ، سیاسی ، کلتوریەی مۆدێرنە بەرهەمی هێنابوو. ئەو نموونە و ئەو جیهانە ترسناك و دەردناکەی کافکا لە زۆربەی چیرۆك و رۆمانێك دا دەریدەخات، وێنەی جیهانێکی نامۆ و بێ بەزەییمان بۆ دەکێشێ کە تیایدا مرۆڤەکان بە عەزاب و برێك لە بێهودەیەوە تەنیایی خۆیانی تیادەژین ...مرۆڤێك کە بێئەوەی هیچ تاوانێکی کردبێ هەمیشە هەست ئەکات لە ناو دادگایە و دادگایی دەکرێ.

لێرەوە ئەگەر قسە لە پەیوەندی ئەدەب بە مۆدێرنەوە بکرێ ئەوا دەتوانین بڵێین بە شێوەیەکی گشتی ئەدەبی تازە کاردانەوەیەکی رەخنە گرانەیە بەرامبەر بە مۆدێرنە و کۆی ئەو فەزا کۆمەڵایەتیەی مۆدێرنە بەرهەمیهێنان. لە راستیدا هەر ئەم خاڵەشە وادەکات زۆرێك لە رەخنەگرانی مۆدێرنە، مۆدێرنیزم بە سەرەتای دەست پێکردنی رەخنەگرتن لە مۆدێرنە بزانن.

**تیشك: ئەی جەنابتان مەسەلەی نەتەوایەتی و پۆست مۆدێرنیتە چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

**وەڵام:** ئەم پرسیارە بەستراوەتەوە بەوەی مەبەستمان لە ناسیۆنالیزم چیە؟ چونکە هەست ئەکەم لە ژێر ئەم ناوەدا چەندان بزووتنەوەی جۆراوجۆر ریز دەبن کە کۆکردنەوەیان ئاسان نیە. واتە سەرگەردانییەك لە ماناکانی ناسیۆنالیزم خۆیدا هەیە کە ئەگەر بە وردی لە سەری ڕانەوەستین، رەنگە توشی هەڵە و بەد حاڵیبوونمان بکات. لە ژێر ناوی ناسیۆنالیزم دا دەیان بزووتنەوەی جۆراوجۆر کۆدەبنەوە کە هەر یەکەیان لەوی دی جیاوازە: ناسیۆنالیزم دەشێ ئەو ئایدۆلۆژیا رەگەز پەرەستانەیە بێت کە باس لە دابەش کردنی مرۆڤ بە سەر رەگەزی بەرز و نزم دا دەکات (وەك لە نازیزم و فاشیزم دا دەیبینین) دەکرێت ئەو بزووتنەوانەبن کە لە بەرامبەر داگیر کردنی زەمین و گەلەکەیاندا لە لایەن هێزی بێگانەوە، کاردانەوە لە خۆیان پێشاندەدەن (وەك بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلانی هاوچەشنی کورد)، دەکرێ ئەو بزووتنەوانە بن کە هەموو جیاوازی شوناسەکانی مرۆڤ کورت دەکەنەوە بە بۆچونیەکی مێژوو و زمان و لەم بابەتە شتانە (وەك لە ئایدۆلۆژیای ناسیۆنالیزمی عەرەبی دا دەیبینین)...هەڵوێست لە ناسیۆنالیزمیش بە پێی ئەم تێگەیشتنانە دەگۆڕێت. ئەگەر پۆستمۆدێرنە بریتی بێت لە کەوتنی حیکایەتە گەورەکان (وەك لیوتاردە پێناسیدەکات) ئەوا پۆستمۆدێرنە لەگەڵ ئەو مانا ئایدۆلۆژیەی ناسیۆنالیزمدا ناگونجێت کە باس لە چونیەکی و یەکێتی کۆمەڵێ مرۆڤ لە سەر بناغەی چەند بنەمایەك دەکات و جیاوازیەکانی نێوانیان

دەسڕێتەوە یــان فــەرامۆش دەکــات. لــەم پێناســەیە دا ناســیۆنالیزمیش خــۆی بریتییــە لــە یــەکێك لــە حیکایەتــە گــەورەکان.

بەڵام گەر مەبەست لــە بزووتنــەوەی ناسیۆنالیزم ئــەو بزووتنەوانــە بــن کــە بــەرگری لــە بوونــی جیــاوازی خۆیــان لــە بــەردەم پرۆژەی ســڕینەوەو لــە نــاوبردن دا دەکــەن، ئــەوا دەتوانــین بڵێــین پۆسمۆدێرنــە نــاکۆك نیــە لەگــەڵ ئــەم مانایــەی ناسیۆنالیزم دا. چونکە پۆستمۆدێرنە بــە پێناســە ئــەو بزووتنــەوە فکریــە هەمەڕەنگەیــە کــە بــە شــێوەی جیــاوازی بــەرگری لــە بوونــی جیــاوازی مرۆڤەکان و کلتورەکان دەکــاتو هیــچ کلتورێــك ناکــات بــە پێــوەر بــۆ هەڵســەنگاندنی کلتورێکــی دی.

کــەوتنی حیکایەتــە گــەورەکان، کــەوتنی ئــەو تەفســیرانەیە کــە مێــژوو بــــە شــــێوەیەك سیســــتەماتیك و لــــە ڕەوتێکــی روو لــە پێشــکەوتن دا تەفســیر دەکــەن و کــۆی مرۆڤایــەتی بــە یــەك شــوناس و خەســڵەت دەناســــنەوە. کــەوتنی ئــەو تەفسیرانەیە کــە جیــاوازی کلتــور و شوناســەکان لــە قــاڵبێکی گشــتگیر و هەمــەکیدا، دەســڕنەوە.

کــەوابوو پــەیوەندی ناســیۆنالیزم و پۆســتمۆدێرنە بــــە پێــی پێنــاس و تێگەیشــتنی ئێمــە بــــۆ ناســیۆنالیزم دەگۆڕێــت.

**پرسیار : بەڕای جەنابتان دەتوانین بە گشتی مۆدێرنیتە و پۆستمۆدێرنیتە وەك پەدیدەیەك کە لە غەربەوە سەری هەڵداوە دابنێین؟**

**وەڵام:** لــە راســتی دا زۆربــەی دیاردەکــانی ژیــانی ئێمــە، لــە رۆژئــاواوە وەرگــیراوە. ئــەم قۆپــی کردنــە بەرامبــەر بــە رۆژئــاوا دەبــێ ڕابوەســتێ و کۆتــایی پێبــێ. ئێمــە چــەندان ســەدەیە کەرەســە و شــت لــە رۆژئــاواوە وەردەگریــن ئــەم تەســجیلە (زەبــت ســەوت) بــە دەســت بەرێزتانەوەیــە، ئــەو کراســەی لــە بــەرمان دایــە ئــەم کورسیو مــیزەی لــە ســەری دانیشــتووین، هــەر هــەموویان لــە رۆژئــاواوە پــەیدا بــوون. بەڕاســتی ئایــا ســەیر نیــە خــەڵکانێك بــاس لــە رۆژئــاوایی بــوون وەك شــتێکی نــامۆو بێگانــە بــە ئێمــە بکــەنو کــەچی کــە ســەیری دەوربــەریان دەکــەین هــەر هــەموو شــتێکیان لــە رۆژئــاواوە وەرگرتــووە؟ ئــەوە بۆچــی لــە کەرەســە مــادی و زانستیەکان دا کــەس بــاس لــە رۆژئــاوایی بــوون وەك شــتێکی نــامۆ و بێگانــە بــە ئێمــە ناکــات و حــاڵ کــە دێتــە ســەر دەســتکەوتە فکــری و فەلســەفیەکان، هــەر هــەموو هــەڵلایان لــێ‌هەڵدەستێ و باســی رۆژئــاوایی بــوون دەکــەن؟ پــڕ ئاشــکرایە ئــەم نەغمــە تاریکــە چ فێڵێکــی جەهەنــەمی لــە ئێمــە دەکــات: ئێمــە ماشــێنو تەکەنــەلۆژیا و کارخانــەکان وەربگریــن، بــەلام ئــەو عەقڵــە بزێــو پرســیارکەرە وەرنــەگرین کــە ژێرخــانی داهێنــانی ئــەو کەرەســانەیە...تەلــەفیزیۆن و رادیــۆ بڵاوبکەینــەوە، بــەلام ئــەو دەنگــە عــەقڵانی و رەخنەگرانەیــە وەرنــەگرین کــە دەبێــت قســە لــەو ئامێرانــەوە بکــات. جلوبەرگــەکانمان بگۆڕیــن بــەلام ئــەو ناوەڕۆکــە ئازادیخوازانەیــە رەجــم بکــەین کــە ناچارمــان دەکــات بــە دیدێکــی رەخنەگرانــەوە لــە جیــهانی مەعنــەوی و مــادی خۆمــان بڕوانــین. فــێری بــەکار هێنــانی کۆمپیوتــەر بــین، بــەلام فــێری ئــەو پرســیار و رەخنەگرتنانــە نــەبین تــا تیــایدا بنووســین.

مــن پێموایــە هــەر شــتێك مــرۆڤ لــە هــەر شــوێنێکی دنیــا بەرهــەمی بــهێنێ، دەشــێ بــۆ شــوێن و کــاتی دیــش سوودی هــەبێت. مەســەلەکە ئــەوە نیــە ئــەو شــتە لــە رۆژئــاواوە هــاتووە یــان لــە رۆژهەڵاتــەوە، بــەڵکو مەســەلەکە کۆمــەڵێ دەســتکەوتی مرۆیــین کــە مرۆڤایــەتی بــە درێژایــی ئەزموونــەکانی خــۆی بەرهــەمی هێنــاوە و دەهێنــێ. پرســیارەکە نــابێت ئــەوە بێــت ئایــا فلانەشــت لــە کوردســتانەوە دروســت بــووە یــان لــە پــاریس و واشــنگتۆنەوە، بەڵکو پرســیارەکە ئەوەیــە ئــەو شــتە تــا چــەند دەتوانــێ یارمــەتیمان بــدات بــۆ ئــەوەی بــە شــێوەیەکی جیــاواز لــەوەی تــا ئێســتا هــەمان بــووە، تەماشــای دنیــا بکــەین. پێموایــە ئێمــە لــە ســەردەمێك دایــن کــە هــەموو

کلتورەکان پێکەوە تێکەڵ بن‌و ئەستەمە یەك کلتورریش بدۆزینەوە کە بە شێوەیەك لە شێوەکان لە کلتورەکانی دیکەوە شتی وەرنەگرتبێ یان لە ژێر کاریگەری دا نەبێت. تەنانەت ڕۆژئاوا خۆشی بە تەنیا ڕۆژئاوا نیە، دەستکەوتەکانی تەنیا بەرهەمی کلتوری تاك‌و تەنیایی خۆی نیە. هەمووماں دەزانین ڕێنسانس بەرهەمی بەریەك کەوتنی ژیاری ڕۆمی مەسیحیە بە ژیاری ئیسلامی. واتە دەستپێکردنی مۆدێرنە لەبنەڕەت دا پاش ئاشنا بوونی ڕۆژئاوا بە ڕۆژهەلاّت سەری هەلّدا. ڕۆژئاوا لە سەدەی دوانزدە دا دەستی کرد بە وەرگێڕانی زۆرێك لەو تێکستە فەلسەفیە عەرەبیانەی لە بارەی فەلسەفەی یۆنانی و بە تایبەتی ئەرەستووە نوسرا بوون. ناسینی ئەو فەیلەسوفانە بە تەفسیری ئیسلامیانە ئەو بڕوایەی توشی دودلّی کرد کە باس لە نزیکی فەلسەفەی یۆنانی بە تایبەتی ئەرەستو لە مەسیحیەتەوە دەکات. ئەمە جگە لە ئاشنا بوونی ڕۆژئاوا بە دەستکەوتە زانستیەکانی کەسانی وەك ئبن سینا و ڕازی. هەموو ئەمانە وەك ژێرخانی دروستبوونی ئەو بزووتنەوە مێژوویە گەورەیەن کە پێی‌دەگوترێت ڕێنسانس.

وەك دەبینین ڕۆژئاوا خۆی لە ئەنجامی بەریەك کەوتنی بە کلتوری دیکەدا توانی گەشە بکات و پەرەبستێنێ. واتە دەمەوێت بلّێم ئەوەی ئەمڕۆ لە ڕۆژئاوا دا ڕوودەدات بێژە پەیوەندی نیە بە مێژووی کلتورەکانی دیکەوە تا ئێمە ئەمڕۆ قسە لەوە بکەین ئەوەی ئەوان نامۆیە بە ئێمە. ژیاری ڕۆژئاوا کۆی مرۆڤایەتی بە شکلّ‌و شێوازی جیاواز بەشدارە لە دروست بوونی دا. کەوابوو با قسە کردن لە سەر ئەوەی ئەم دەستکەوتانە ڕۆژئاواین، بەجێ بهێلّین بۆ ئەو مرۆڤە دوگمانەی کە دەیانەوێت ئێمە ئێستاش لە ئەشکەوتەکان دا بژین‌و نایانەوێت وەك مرۆڤێکی ئەم سەردەمە لەناو مێژووی هاوچەرخی خۆمان دا بژین‌و بکرێینەوە و بگۆڕێین.

**تیشك: کاك ڕێبین ئایا بەڕای جەنابتان ڕەوتی شارستانێتی ڕۆژهەلاّت بە گشتی و ئێران و کوردستان بە تایبەتی قۆناغەکانی خۆی تێپەڕاندووە کە ئێستا بە تەواوەتی ئەو پەدیدە غەربیانە وەك پۆستمۆدێرنیتە، لە ناو خۆی دا جێبکاتەوە؟**

**وەلاّم:** یەکەم پرسیار لێتی بکەم ئەوەیە بە چ مانایەك دەلّێی قۆناغەکانی خۆی تێنەپەڕاندووە؟ مەبەست لەم قسەیە چیە؟ ئایا ڕاستە ئێمە بە قۆناغی سروشتی خۆماندا نەهاتووین؟ بەڕاستی مەبەستمان لە قۆناغی سروشتی چیە؟ چ پێوەرێك و بە چ پێودانگێك سروشتی و ناسروشتی لە یەك جیا دەکەینەوە؟ چونکە پڕ ئاشکرایە ئەو کاتەی قسە لەوە دەکەین ئێمە بە قۆناغە سروشتیەکانی خۆمان دا نەڕۆیشتووین، ئەوا پێوەر و مۆدێلێکمان هەیە کە وەك سروشتی ناومان ناوە و بە بەراورد کردن بەویش ئەو قۆناغانەی بە ناسروشتی لە قەلّەم دەدەین. وابزانم ئەم لۆژیکە ئەمڕۆ لە هەموو کاتێك زیاتر لە ژێر ڕەخنە و پیاچونەوە دایە. هیچ مۆدێلێك ناتوانێ لە بری مۆدێلی مێژوویەکی دی دانیشێ. هەر کلتورێك بە مێژووی تایبەتی خۆیدا دەڕوات و هیچیشیان نابن بە نمونەیەکی ئایدیالی بۆ ئەوانی دی. ئێمە هەنووکە بە مێژووی سروشتی خۆمان دەژین و هیچ شتێکی ناسروشتی لە ئارادا نیە (ئەگەر چی ئەوەت لیٚ ناشارمەوە کە بەڕاستی نازانم مەبەست لە سروشتی چیە). پێموایە ئەوانەی قسە لەوە دەکەن ئێمە بە قۆناغە سروشتیەکانی خۆمان دا نەڕۆیشتووین، مۆدێلێکیان بۆ سروشتی بوون لە بەردەم خۆیاندا داناوە کە مۆدێلی ڕۆژئاوایە. واتە ڕۆژ ئاوا بە چ قۆناغێکدا تێپەڕیوەو چ هەوراز و نشێوێکی بینیوە، ئێمەش دەبێ هەر بیبینین‌و کەناشیبینین واتە لە قۆناغی سروشتی خۆمان لاماندا‌وە.

پێموایە ئەم جۆرە تێڕوانینە هەمان ئەو شتەیە کە ئەمڕۆ پێیدەگوترێت سەنتەریزمی ڕۆژئاوایی ئیدی کەس ناڵێت ئەم دوو مێژووە لە یەك جیاوازن‌و بەڕاستی ئەستەمە یەکدی دوبارە بکەنەوەو ئەمەش خۆی حاڵەتە سروشتیەکەیە. زمانحاڵی ئەوانە لە زۆربەی تەوژمە سیاسی‌و فکریەکاندا (گەر تەوژمی فکری هەبێت) بۆ نموونە دەڵێت ڕۆژئاوا چینێکی بە هێزی بۆرژوازی تیا دروست بوو کە کۆی ئەو گۆڕانکاریە تازانەی هێنایە ئارا، بەڵام چینێکی وا لای ئێمە بەو خەسڵەتانەوە سەری هەڵنەدا و ئەوەندە بە هێز نەبوو تاوەك ڕۆژئاوا کلتوری دەرەبەگایەتی فڕێ بدات ...واتە چینی بۆرژوازی ئێمە بە "قۆناغی سروشتی" خۆی دا تێنەپەڕی‌و ئەمەش درزێکی کۆمەڵایەتی‌و سیاسی لەواقعی ئێمە دا دروست کردووە. واتە ئەم تێڕوانینە لە بری تەماشاکردنی ژیانی خۆمان‌و ڕەسد کردن یان دەست نیشان کردنی هێزە گۆڕانکاریەکانی ناوی، بە دوای هۆیەکانی نادیاری ئەو هێزە گۆڕانکاریە گرێمانەیەدا دەچێت کە لێرە نیە. یان گەر مۆدێرنە لە ڕۆژئاوا دا بریتی بووە لە ململانێیەکی توندو تیژ لەگەڵ دین دا، کەوابوو دەبێ لێرەش هەمان ئەو ململانێیە بکات بەدەر لەوەی کە لەوە وردبینەوە ئایا بەڕاستی دەوری دین لە ژیانی کۆمەڵایەتی‌و سیاسی‌و فکری ئێمە دا، هەمان ئەو دەورە بووە کە کەنیسە لە سەدەکانی ناوەڕاست دا بینیویێتی تا قسە لە ململانێیەکی لەم چەشنە بکەین. وەڵحاڵ پرسیاری ڕاستەقینەی کۆمەڵگاکان کۆپی کردنەوەو لێکچوونی قۆناغە مێژوویەکانی یەکدی نیە، بەڵکوو پرسیارەکە ژیانە لە ناو جیهانێکدا کە تیایدا مرۆڤەکان سود لە ئەزموونی تایبەتی یەکدی وەردەگرن بۆ ئەوەی هەریەکەیان بە شێوەیەك، بە مێژووی تایبەتی خۆیان بژین. من پێموایە ئێمە هەنوکە بە سروشتی ترین مێژووی خۆمان دەژین و هاتن و تێکەڵ بوونی دەستکەوتی کلتورەکانی دی بە ئێمە، بەشێکی سروشتی جیهانی ئێمەیە. مرۆڤایەتی لەوەتەی هەیە شت لە یەکدی وەردەگرێ‌و تێکەڵی بەم دەبێ و کەسیش قسەی لە ناسروشتی نەکردووە. هیچ کۆمەڵگایەك داخراوە نەبووە و بە درێژایی مێژووی خۆی لە پەیوەندی دا بووە بە کلتورەکانی دەوروبەری خۆیەوە و ئەمەش سروشتی ترین حاڵەتی مێژووە. ناسروشتی ئەوەیە بە ژمارە لەسەدەی بیست ویەك دا بین و بە کلتورش لە سەرەتاکانی پرۆژەی ڕێنسانس ...ناسروشتی ئەوەیە لەم سەردەمە پڕ پەیوەندیانە دا لە گۆشەی تاریکی خۆماندا دانیشین و بێئاگا بین لە هەموو ئەو داهێنان و دەستکەوتە فکریانەی لەم سەردەمە دا بە دەست دێن.

ئەوانەی جارێك بە ناوی بێگانە بوون و جارێك بە ناوی ناسروشتی و جارێکی دی بە ناوی پاراستنی شوناسەوە، دەیانەوێت لەو دەستکەوتانە بێبەشمان بکەن، ئەو هێزە تاریکانەن کە دەیانەوێت ئێمە بە هەمان حیکایەت‌و داب‌و نەریتی باوانمانەوە بژین و هیچ شتێکی تازە بەرهەم نەهێنین. ئەوانە دڵسۆزی بۆ کلتوری باوان بە درێژەدان و پەرەپێدانی دانانێن، بەڵکو بە چەقگرتن لە ناوی دا دەزانن. ئەوانەی بە دوای پاراستنی خەسڵەتی تایبەتی و شوناسی ئێمەوە نین، بەڵکو بە دوای باڵا دەستی کلتورێکەوەن کە ئەوان بەرژەوەندی هێز و دەسەڵاتیان لە بەردەوام بوونیدا هەیە. ئەوان کلتوری باوانی ئێمە ناپارێزن، بەڵکو ئەو چەقگرتن و مانگرتنە لە بیرکردنەوە دەپارێزن کە لە بەرژەوەندی دەسەڵاتیان دایە.

تیشك: ئایا ڕۆشنگەری بوو کە زەمینەی بۆ سەر هەڵدان و جێکردنەوەی پوستمۆدێرنیتە خۆش کردووە؟ ئایا نەتەوەی ئێمە ڕۆشنگەریەکی وا قووڵ و بەربڵاوی هەبووە کە پۆستمۆدێرنیتە لە خۆیدا جێبکاتەوە؟

**وەڵام:** ئەگەر قسە لە رۆژئاوا بکەین ئەوا پڕ ئاشکرایە پۆستمۆدێرنە کاردانەوەیەکە بەرامبەر بەو وەتەزایانەی رۆشنگەری بەرهەمی هێنا. واتە تا ئەو دەمەی قسە لە رۆژئاوا دەکەین، بەڵێ راستە پۆستمۆدێرنە لە دوای رۆشنگەریەوە دێت. بەڵام من پێموایە هەڵەیە ئەم دوانە وەك قۆناغ و سەردەمی جیاواز تەماشا بکەین کە یەك لە دوای یەك دێت. واتە هەڵەیە گەر وابزانین ئێمە دەبێت سەرەتا هەموو قۆناغەکانی رۆشنگەری ببینین و پاشان مانع نیە گەر قسە لە پۆستمۆدێرنە بکەین. لە بنەڕەتەوە هەڵەیە گەر وابزانین لە بەردەم دوو ریانێکدا راوەستاوین کە یەکێکیان رۆشنگەریە و ئەوەی دیان پۆستمۆدێرنە. یان ئەمیان هەڵدەبژێرین یان ئەو. پێموایە ئەمە تەسەورێکی هەڵە بێت. چونکە ئەم دوو پرۆژەیە، دوو پرۆژەی دژ بە یەك نین، بەڵکو هەریەکەیان نەخشەی جیاوازیان بۆ هەمان پرۆژە هەیە. مەسەلەکە ئەوە نیە کە رۆشنگەری هەبوو واتە پۆستمۆدێرنیتە نیە، یان کە پۆستمۆدێرنیتە هەبوو کەوابوو رۆشنگەری نیە. لە بنەڕەت دا گەر تۆ رەخنەی پۆستمۆدێرنەکانت لە رۆشنگەری قبوولْ بێت، نەخشەیەکی تازەی رۆشنگەریت لە بەردەم دا دەکرێتەوە. جۆرێك لە پرۆژەی رۆشنگەری دەست پێدەکەیت کە بۆ نموونە، وازی لە حەکایەتە گەورەکان هێنا بێت ...واتە وازی لەوە هێنا بێت کە مرۆڤەکان هەر هەموو یەك شوناسیان هەبێت، هەر هەموو یەك جلوبەرگ بپۆشن و هەر هەموویان بەیەك شێوە بیر بکەنەوە. ئەگەر رەخنەی ئەوانەت قبوولْ بێت قسە لە ئازادی کلتورەجیاوازەکان دەکەیت و هیچ کلتورێك بە ناوی دواکەتووەوە سەرکوت ناکەیت. بەڕاستیش هەندێك لە پۆستمۆدێرنەکان پرۆژەکەی خۆیان بە رۆشنگەری ئەم سەردەمە پێناسە دەکەن. (لێرەدا لە چاوپێکەوتنێك دا باسی ئەوە دەکات کە بونیاد شکێنی وەفادارە بە رۆشنگەری و رۆشنگەری سەردەمی خۆیەتی، بەڵام بە مانایەکی تازە بۆ رۆشنگەری). پۆستمۆدێرنە نەفی کردنەوەی رۆشنگەری نیە، بەڵکو رەخنە کردنێتی ... هەوڵدانێکە (جا راست بێت یان هەڵە) بۆ خۆ دەرباز کردن لەو ئەگەرانەی رۆشنگەری کە بەرەو تۆتالیتاریەت دەچێت.

بۆ خۆت دەزانی رۆشنگەری پرۆژەیەکی دەست سپیو بێگوناه نیە ...پرۆژەیەك نیە تەنیا مژدەی بە هەشتی پێبێ، بەڵکو مژدەی جەهەنەمیشی پێیە. لە رووی مێژوویشەوە رۆشنگەری چەند مژدەی ئازادی هێنا، لە کرداری واقعی دا بە دیکتاتۆریەتی رۆبسپێر و جەهەنەمی نازیزم و فاشیزم گەیشت. واتە دەمەوێت بلێم رۆشنگەری یەك ئەگەر نیە، بەڵکو کۆمەڵێ ئەگەرە. ئەگەرێکیشیان کرانەوە و دیموکراسی و دادپەروەری زیاترەو ئەگەر یەکیشیان تۆتالیتاریەت. بەشێوەیەکی گشتی پۆستمۆدێرنە هەوڵدانێکە (جا راست بێت یان هەڵە) بۆ رێگە گرتن لە ئەگەری تۆتالیتاریەت. بە کورتی پۆستمۆدێرنە ئەو کات دەست پێناکات کە واز لە پرۆژەی رۆشنگەری دەهێنێ، بەڵکو ئەو کات دەست پێدەکات کە واز لەو بنەمایانەی رۆشنگەری دەهێنێ بەرەو تۆتالیتاریەت و بەرەو ئەو حەکایەتە گەورانە دەچێت کە چیرۆکی سەر کوت کردنە گەورەکانی لێهاتەدەرێ.

**تیشك: ئایا ئیسلامی سیاسی بە بزوتنەوەیەکی پۆستمۆدێرن دەزانن؟**

**وەڵام:** ئیسلامی سیاسی بەو جۆرەی ئەمرۆ دەیناسین، دیاردەیەکی تازەیە. یەك شێوەی نیە، بەڵکو دەیان شێوەی جیاواز، زۆرجار دژبەیەك بەخۆیەوە دەگرێت. ئیسلامی سیاسی لە ئێران هەمان ئیسلامی سیاسیی پاکستان و جەزائیر نیە. فەزیلەتی تورکیا، حیزب اللەی لوبنانی نیە. ئەگەرچی مەرجەعی هەمووشیان ئیسلام بێت. پێموایە گفتوگۆ لە باری ئیسلامی سیاسیەوە لەم ناوچەیەی ئێمەدا درێژەی دەبێت و بەم زوویانە تەواو نابێت. پڕ ئاشکرایە خواستی ئیسلامی سیاسی وەك خواستی زۆر هێزی نادینی، تا رادەیەکی زۆر تۆتالیتارانەیە. بەڵام پێموایە ئەم تۆتالیتاریەتە هێندەی لەو کلتورە نادیموکراتیو داخراوەوە دێت کە ئیسلامیەکانی تیا دەژین، ئەوەندە لە دینی ئیسلام وەك مەرجەعێکی فکریەوە نایەت. ئیسلام یەك دەق و یەك ئایەت و یەك حەدیس نیە، بەڵکو سەدان ئایەت و حەدیس و

دەقی ئاڵۆز و هەمەڕەنگە هەر ئەم خەسڵەتەش وادەکات جێگە بۆ تەفسیری جیاواز و ناکۆك بەیەك ببێتەوە. پێموایە دەبێ قسە لە ئیسلامی سیاسی بکەین، بەڵام نەك وەك هێزێکی دوژمنو کۆنەپەرەستو ئەو کۆمەڵە تۆمەتەی کە لە جەنگو کوشتار زیاتر هیچی دی بەرهەم ناهێنێ، بەڵکو وەك هێزێکی سیاسی کە وەك هەموو هێزێکی دی مافی بوونو قسەی هەیە، ئەگەرچی تا سەرئێسقان ناکۆکیش بین لە گەڵیدا. پێویستمان بە بەخشینی دەرفەتو ڕاوەستان هەیە لە سەر یەکدی. پێویستمان بەوەیە زمانێکی دی بۆ وتووێژکردن لە گەڵ ئیسلامی سیاسی دا بدۆزینەوە ...زمانێك کە ئەوان بە شێوەیەکی پێشینەیی وەك کۆمەڵێك تاوانبار و کۆنەپەرەست و خائین وێنە ناکات، بەڵکو وەك کۆمەڵێك مرۆڤ دەیان بینێ کە دەشێ و ڕەوایە هەڵەیان راست بکەن. بێگومان دەزانم دین دەتوانێ ببێ بە حەکایەتێکی تۆتالیتار کە ڕێگە بە یەك جیاواز بوون لە خۆی نادات و هەموو ناکۆکیەك لە گەڵ خۆیدا وەك ناکۆکیەك لە گەڵ خوداو کتێبە پیرۆزەکان دا تەفسیر دەکات. بەڵام ئەوەش دەزانم کە دەیان هێزی دی لەم ناوچەیەدا هەن کە خۆیان بە عیلمانی دەزانن و مەرجەعەکەشیان دین نیە، بەڵام هەر هێندەی ئەوان تۆتالیتارنو هەڕەشە لە دێموکراسی دەکەن. لە کوێ دا هەست کردن بە هەقیقەت گەورە بوو، هەر لەوێش دا تۆوەکانی تۆتالیتاریەت هەن. لەم ئاراستەیەشدا پێم وایە حیزبەکان بە دینی و نادینیەوە پڕن لە هەست کردن بە هەقیقەت. ئیسلامی سیاسی هەقیقەتێکەو هەیە. ئەندامەکانیشی وەك من و تۆن: دوو دەستو دوو چاوو عەقڵێکیان هەیە. گەر بڕیارە ژیانێك بۆ ئێمە هەبێت، دەبێ بۆ ئەو کەسانەش هەبێت کە وەك ئێمە لە گۆشتو ئیسقانن. ئەمە ئاسۆیانەیە کە بە بڕوای من چەند ئەستەمو نارەحەت بێت، بەڵام دەبێ بە جددی بیری لێبکەینەوە. ئێمە دواجار دەبێ بۆ جیهانێك بگەڕێین کە هەموو دەتوانین تیایدا گوێ لەو گۆڕانیانە بگرین کە حەزمان لێیانەو کەسیشمان نەیەوێت حەزی ئەوی دیمان سەرکوت بکات.